شیعر

ڤینۆس فایەق

# تەمووز



لێوانلێوم لە عیشق
لێوانلێو لە خۆر، لە هاوینێکی گەرم
دووگیانم
بە تەمووزی عیشق و مردنە ئەفسووناوییەکان
بە دیوارێکی بەرزی فەیروزی
دووگیانم بە ئێوارانی سەر شاخی ئەزمڕ و
جادە و بانەکانی ڕێی سەرچنار
تەمووز لەبار ئەم غوربەتەم ئەبات و
خۆمم پێ ئەکوژێت

***

بەم درەنگوەختە لە مردن وەخەبەر دێم
قیامەتم لێ ئەڕژێ
لەگەڵ کوژانەوەی خۆرا
ڕووناکیم پێ نامێنێت

لێرەوە سەفەر دەست پێ دەکات
سەفەری گەڕانەوەیەکی چەقبەستوو
ئەم قیامەتە و هەستانەوەی تەمووز
تراژیدیایەکی تری ئەم شارەم دێنێتەوە یاد
منداڵیم وڕک ئەگرێ
لە پەنا خۆرێکی تاریکا
لە دەستوپلم ئەگەڕێت

***

بەرد نازانێ بەردە مەگەر گوڵێک لە پەنایا بڕوێ
گەلا نازانێ سەوزە مەگەر پایز بەلایا تێ پەڕێت
زستانیش نەیزانی زستانە
هەتا پایز تەمەنی خۆی
بە تەمووزی خودای مردن نەبەخشیبوو
تەمووزیش نەیدەزانی بەهاوینان دەمرێ
هەتا بەهار دەستی نەبڕی و دڵی فریو نەدابوو
تەمووزیش نەیزانی ئەفسانەی مردنە
هەتا جەستەی منی لە پەنا خۆیا نەبینی
لە تەمووزا دەبوو بمرم
تەمووز وەرزی مردن و ڕەنگی زەردە

***

وتن لەم تەمووزەیا باڵابەرز و ئەفسووناوییە
وتن دیوێکی تری بێدەنگییە
نەوتن تریاقی ئەم ئازارەمە
وڕێنەی موستەحیلە بەتاڵەکانە
ئەترسم بەبێ تۆ لە دایک بم ئەپۆلۆ

ئەترسم دوور لە تۆ تەمووز بمکوژێت و
پیاڕانەکەم روحمت بە دیاری بۆ بەرم
***
من نازانم ئەم ئێوارەیە چیم لە تەمووز ئەوێت
بارین بە تەڕبوونی خاکا خۆی ناسییەوە
خۆڵ لەگەڵ بارینا تێ گەیشت کە خۆڵە
بارینیش عاشقی تەڕبوونم بوو
خۆڵیش بە مردنم لەگەڵ تەمووزا ئاوێزان بوون
***
پیاوێکم خۆش دەوێت
نیوەی خۆرە و نیوەی شاخ
سەد هەزار ساڵە چاوی ناشوات
بە رێکەوت نەبوو تەمووز گرەوی مردنی لێ بردمەوە
گرەوی وشکبوونی دەریاچەی عیشق و
زەلکاوی خیانەتی لەگەڵ کردم
خۆر لەسەر خەراباتی تاریکی روحی سەما دەکات
ئاو لەسەر لاشەی وشکایی روحی تەڕ دەبێتەوە و رێگا دەکات
لەم تەمتومانی عیشقەدا
رێگای ئەم مردنە لە بنی پێمەوە دەست پێ ئەکات و
گومانم لە زەوییە لە ژێر هەنگاوەکانما
ئاسمانم لێ ونبووە
رووناکی لە چاوەکانم دەکەونە خوارێ
مردن لە پەنای سەرما ئەمرێ و
تەمووز وەخەبەر دێنێ
لەبار ئەم غوربەتەم ئەبات و

خۆمم پێ ئەکوژێت

***

سوێندم بە تەمووزی مردن و هەستانەوە
بە شۆستەکانی قەراخ تەمەن
کە لە پشت بێ ئاگاییمەوە
ئەپۆلۆم لێ یاخی ئەکەن
ئەم ئێوارەیە دەستی مردن ئەبڕم و
خیانەت لە تەمووز ئەکەم
سوێندم بە مردنم
بەو چاڵەی جەستەمی تیا ڕاکشاوە
ئەم ئێوارەیە لەوسەری تەمووزەوە
بە کۆشێ بەختەوەرییەوە دێمەوە و
بیرێژمە باوەشی خۆڵ و بارینەوە
بە روحم لێوانلێو لە عیشق
دووگیان بە بەختەوەری و شینایی ئاسمان
دێمەوە و
تەمووز لەبار خۆم ئەبەم



